شوبهەی بیست

ئایا دیاردە ناعادەتیەکانیان ﴿خوارق العادة﴾ بە کەرامەت دانانرێن؟! وە نیشانەی ئەوە نین کە خاوەنەکانیان وەلی و خۆشەویستی پەروەردگار بن ؟!

دەڵێن: بەڵێ بۆمان ڕوون بۆوە لە ڕابردوودا بە بەڵگەی نەقڵی و[1] عەقڵی، کە ئیعتیقادبوون بە غەیری خوا، کە هیچ لە زەرەرو زیان و سودو قازانجی بەدەست بێت شیرکە. وە هەروەها نابێت هاوار بکرێتە غەیری خوا. وە ئەوانەش کە هاوار دەکەنە غەیری خوا وە بەهۆی هاوارەکەیان جار جار وەڵامیان دەست دەکەوێت، ئەوە تاقیکردنەوەیە لەلایەن خواوەو، گومراکردنە لە لایەن شەیتانەکانەوە.

بەڵام ئایا ئەو دیاردە سەیرەی کە لەو کەسانەدا دەیبینین: وەك شمشێر لەخۆدان و ئاگر قوت دان و چوونە ناو ئاگرو، گرتنی مارو دووپشك و خەبەری غەیب زانین و، شوێن هەڵگرتن و دز کەشف کردن؛ ئایا ئەم دیاردانە بە کەرامەت دانانرێن و، نیشانەی ئەوە نین کە ئەمانە وەلی و خۆشەویست و دۆستی پەروەردگار بن؟!:

هەرچەندە زۆریش پابەند نین بە نوێژو جەماعەت و مزگەوت؟!.

وە زیکرو عیبادەتەکانیشیان موافیقی قورئان و سوننەت نین ؟!.

وە هەرچەندە خوێندەوارو تێگەیشتوش نین لە قورئان و سوننەت و شەریعەتی ئیسلام ؟!.

وەڵام

لە وەڵامدا دەڵێم، ئەی موسڵمانی حەق ویست و، شوێن کەوتەی بەڵگە:

ئەم دیاردەیەی پرسیاری بۆ کراوە گەورەترین شوبهەی نەفامەکانەو، بەوە چاوی خەڵکی دەبەستن و، قەناعەتیان پێ دەکەن. وە بگرە نەك تەنها قەناعەتیان بە خەڵکی سادەو نەخوێندەوار کردبێت، بەڵکو

(1) بەڵگەی نەقڵی: بریتییە لەو بەڵگەیەی کە دەگێڕدرێتەوەو نەقڵ دەکرێت لە کەلامی خواو کەلامی پێغەمبەر ﷺ واتە لە (قورئان و سوننەت).

زۆر لە خوێندەواری دینیش باوەڕی پێ هێناون کە کاتێك ئەم دیاردە سەیرەی بینیوەو، نەیتوانیوە هیچ تەفسیرێکی ڕاستی بۆ بکات، ناچار تەسلیمی واقیعەکە بووەو، دیاردەکەی کردۆتە کەرامەت و نیشانەی وەلییێتی خاوەنەکەی. هەرچەندە زۆر جاریش بینیویانە کە کابرای شمشێر لەخۆدەر، نوێژیش ناکات و، حەرامیش دەخوات و، مرۆڤێکی فاسقیشە، بەڵام دیسان شەیتان فێڵی لێ کردوون و چاو بەستەکێی پێ کردوون لەوەش، کە گوایە هەرچەندە شمشێر لەخۆدەر فاسقە بەڵام ـ کەرامەتەکە هی حەزرەتی سەروی خۆیەتی!!.

وە جاری وا هەیە سەروی خۆشی حەرام خۆرو نەفام و کەم دینە، بەڵام شەیتان دیسان بە فریایان دەکەوێت و دەڵێت: کێشە نیە، چونکە کەرامەتەکە هی شێخی گەورەیە، وە بەم شێوەیە تا دەیانگەیەنێت بە پێغەمبەر ﷺ .

واتە بەهەموو شێوەیەك شەیتان هەوڵ دەدات جێگیر بوون (استقامة) یان بداتێ لەسەر باوەڕکردن بەو دیاردەیەو، بەکەرامەت دانانی و، کردنی بە نیشانەی ئەوەی کە ئەو شەخسەی کە توانی شمشێر لە خۆی بدات و دیاردەی سەیر بنوێنێت دوای هاوارکردنی بۆ غەیری خوا، ئەوە وەلی خوایە؛ بۆیە خوا ئەم کەرامەتەی پێ بەخشیوە!.

بەڵام برای ژیرو تێ گەیشتوو ـ ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین، کە ڕاست ترین کەلامە چونکە کەلامی خوایە، دەبینین پەروەردگار باسی دوو جۆر(وەلی)مان بۆ دەکات.

<u>جۆری یەکەم:</u> (وەلی خـــوا) واتە دۆست و خۆشەویستی خـــوا.

<u>جۆری دووەکەم:</u> (وەلی شەیتان) واتە دۆست و خۆشەویستی شەیتان.

وەلی خوا کێیە ؟ وە سیفەتەکانی چین ؟

بەو کەسانەی کە دۆست و خۆشەویستی خوا بن دەوترێت (أولیاء الرحمن) واتە دۆستان و خۆشەویستانی ڕەحمان کە خوای بە ڕەحم و بەزەییە.

بەڵام با بزانین دۆستانی خوا (أولياء الله) **کێن و سیفەتەکانیان چین، بە گوێرەی قورئان و سوننەت:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ، الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ ﴾

واتە: بزانن کە دۆستان و خۆشەویستانی خوا (أولياء الله) **نە ترسیان لەسەرە، وە نە غەمبارو دڵ تەنگ دەبن. ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو تەقوای خواش دەکەن.**

کەواتە: (أولیاء الله) ئەوانەن کە ئەم دوو سیفەتەیان هەیە:

١. الذین آمنوا: ئەوانەی ئیمانیان هێناوە.

٢. وکانوا یتّقون: وە تەقوای خواش دەکەن، بە کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکانی.

کەواتە: هەر کەسێك ئەم دوو سیفەتەی پێکڕا تێدا نەبێت، بە(أولیاء الله)دانانرێت لای خوا. بەڵام با کەمێك ئەم دوو سیفەتە ڕوون بکەینەوە.

سیفەتی یەکەم: کە (ئیمانە): بریتییە لە ئیمان بوون بە خوای پەروەردگارو، بە هەموو شتێکیش کە لەلایەن ئەوەوە هاتووەو، فەرمانی کردووە کە باوەڕمان پێی بێت، وەك ئیمان بە فریشتەکان و پەڕاوە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و ڕۆژی دوایی وقەزاو قەدەر.

بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئیمان بوون بەخوا، لەگەڵ ئیمان بوون بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ؛ چونکە:

ئیمان بوون بەخوا بە سێ شت دەکرێت:

١ـ ئیمانت هەبێت بە پەروەردگاریەتی خوا بە تەنها؛ واتە تەنها ئەو بە پەروەردگار دابنێیت؛ کە ئەوەش پێی دەوترێت (الإیمان بتوحید الربوبیة).

واتە ئیعتیقادت وابێت تەنها (الله) پەروەردگارەو خالیقەو ڕازقەو زیندووکارو مرێنەرو مالیکەو، شەریعەت دانەرەو، هیچ شەریکی نیە لەم کردارانەدا.

٢ـ ئیمانت هەبێت کە هەر ئەو بە تەواوی و بەردەوامی خاوەنی هەموو سیفاتێکی بەرز و جوانە، وە هیچ کەسێك وێنەو هاوشێوەی خوا نیە، لە هیچ کام لە سیفاتەکانی وەك بیستن و بینین و ژیان و دەوڵەمەندی و دەسەڵات و تواناو، وەڵام دانەوەو، باقی سیفاتەکانی تریش.

وە تەنها ئەو سودو قازانج و زەرەرو زیانی بەدەستە، واتە (النافع والضار).

وە هەرکەسێك باوەڕی وابێت کە غەیری خوا سودو قازانج و زەرەرو زیانی بە دەستە، ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوە، یان باوەڕی وابێت پیاوچاکان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەردەم زیندوون و نامرن. یان بڵێت لە دووریشەوە، وە لە ژێر گۆڕیشەوە هەر دەبیستن و دەبینن وەك دونیا، وە توانای وەڵام دانەوەیان هەیە؛ ئەوە ئیمانی تەنها بە خوا نیە، بەڵکو ئیمانی بە غەیری خواش هەیەو شەریکی بۆ خوا داناوە؛ چونکە تەنها خوا خاوەنی ئەم سیفاتە بەرزانەی پێشووە.

وە هەر سیفەتێك لە قورئان و سوننەتدا هاتبێت، پێویستە باوەڕمان پێی بێت وەكو خۆی بێ گۆڕین و دەستكاری كردن و لابردن و بێ چواندنیشی بە سیفاتی دروست كراوان، وە هەركەسێك باوەڕی بەم شێوەیە نەبێت ئەوە ئیمانی تەواو نیە.

ئەم جۆرە ئیمانەش پێی دەوترێت: (الإیمان بتوحید الأسماء والصفات).

٣- وە هەروەها ئیمانت ببێت بەوەی كە تەنها (الله) پەرستراوو مەعبود(إلە)ی حەقە، وە غەیری ئەو ئەگەر پەرستنیشیان بۆ بكرێت، وەك دوعاو پاڕانەوەو داوا لێ كردن و نەزر بۆكردن و ماڵ لەپێناو بەخشین و، سوێند پێ خواردن و، ئیعتیقاد پێ بوون؛ ئەوە بە ناحەقی و ناڕەوایی پەرستنی بۆ كراوە، چونكە غەیری خوا هەر پەرستراوێكی تر كە خەڵكی دایبنابێت هەر ناحەقە(باطل)ـە؛ چونكە (لا إله الاّ الله) واتە هیچ مەعبودو پەرستراوێك حەق نیە تەنها (الله) نەبێت. ﴿ذلك بأنّ الله هو الحقّ. وأنّ ما یدعون من دونه هو الباطل﴾

وە ئەم جۆرەش پێی دەوترێت (الإیمان بتوحید الأُلوهیة) (تەنها پەرستراوێتی خوا).

جا هەر كەسێك بەم سێ شێوەیەی پێشوو باوەڕی بە خوا هەبێت ئەوا بڕوادارەو ئیمانەكەی ڕاست و دروستە،بەڵام كە خەلەل لە شێوەیەك لەم سێ شێوەیەدا هەبوو،ئەوە خەلەل دەكەوێتە ئیمانەكەی و ئیمانێكی ڕاستی نابێت.

بەڵام ئیمان بوون بە پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیە دەبێت:

١. بە نێردراوی خوای دابنێیت.
٢. بە ڕاستی دانێیت لە هەموو باس و هەواڵێكی.
٣. گوێڕایەڵی بكەیت لە فەرمانەكانی.
٤. دوور بكەویتەوە لە نەهیەكانی .
٥. خوا پەرستی بكەیت بە گوێرەی سوننەتەكانی .
٦. بیكەیتە حەكەم لەهەموو كێشەیەك .
٧. خۆشت بوێت .
٨. بە عەبدو بەندەو خۆشەویستی خوای بزانیت، نەك بەشەریك و هاوەڵی خوا لە سیفەت و تایبەتمەندیەكانی!.

كەواتە: دروست نیە چۆن ئیمانت بە خوا هەیە، ئاواش بە هەمان شێوە ئیمانت بە پێغەمبەرەكەی ﷺ هەبێت!!.

چونكە وا باوەڕمان بە خوا هەیە كە خالقەو پەروەردگارەو، سودو قازانج و زەرەرو زیانی بە دەستەو، تەنها پەرستراوی حەقەو، پەرستن تەنها بۆ ئەو دەكەین.

بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەم جۆرە باوەڕەمان نیە بە پێغەمبەری خوا ﷺ؛ چونكە ئەو بەندەی خوایەو عەبدە، نەك مەعبود؛ بۆیە پەرستنی بۆ ناكەین و هاواری ناكەینێ و سوێندی پێ ناخۆین و ناشڵێین: بەناوی خواو پێغەمبەر ﷺ، یان بە پشتیوانی خواو پێغەمبەر !!؛ چونكە ئەوە بەرزكردنەوەی پێغەمبەرە ﷺ بۆ سەروی ئاستی خۆی، بۆ ئاستی خوایەتی و شەریكایەتی لەگەڵ خوا، پەنا بەخوا.

كەواتە: ئیمان بوون بە پەروەردگاریەتی وپەرستراوێتی خوا دەبێت بە تەنهایی(توحید) بێت؛ بۆیە (إبراهیم) ـ علیه السلام ـ كێشەی لەگەڵ قەومەكەی ئەوە بوو كە ئیمان هێنانیان (تەنها) بە خوا نەبوو. ئەویش دەیفەرموو: من بەریم لێتان و دوژمنتانم:

﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ، إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ: إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ، وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ، كَفَرْنَا بِكُمْ، وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا، حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ ﴾(الممتحنة:٤)

واتە تاوەكو ئیمان دێنن بە خوا بە تەنهایی !! .

كەواتە: ئەگەر ئیمانیشت بەخوا ببێت، بەڵام كە بە تەنها (باللّه وَحْدَهُ) نەبوو، بێ كەڵكەو سودی نیە؛ چونكە زۆر لە خەڵكی ئیمانیان بە خوا هەیە، بەڵام بە هەمان شێوەش ئیمانیان بە غەیری خوا هەیە لە پەرستن بۆ كردن و هاوار بۆ كردن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ ﴾ (یوسف:١٠٦).

واتە: زۆربەی خەڵكی ئیمان هێنانیان تەنها بەخوا نیە ،بەڵكو لەگەڵ ئەوەدا كە ئیمانیان بەخوا هەیە كە خالق و مالك و پەروەردگارە، بەڵام باوەڕیان بە غەیری ئەویش هەیە كە لەگەڵ خوا شایستەیە هاواری بكەینێ و داوای لێ بكەین و پشتی پێ ببەستین و لێی بترسین و بە گەورەی دابنێین و سوێندی پێ بخۆین و نەزری بۆ بكەین!!.

بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی ئیمانیان بەخوا هەیە موشریكن وەك خوا فەرمووی؛چونكە ئیمانەكەیان تەنها بەخوا نیە، واتە (باللّه وحده) نیە، بەڵكو بەخوایەو بە غەیری خواشە، وەك پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان...

هەر بەوەش تەواو نابێت كە بڵێیت باوەڕم بەخوا هەیە، بەڵكو دەبێت باوەڕ بوونەكەت پێی بە تەنهایی (وَحْدَهُ) بێت.

* وە سیفەتی دووەمی (أولیاء الله) ئەوەیە كە بە تەقوا بن و تەقوای خوا بكەن:

تەقوای خواش ئەوە نیە لە مزگەوت، یان لە تەكیە، یان لە بازاڕ تەسبیحێكی درێژ بە دەستەوە بگریت و بەسەر بادان و چاو نوقاندنەوە بڵێیت: الله، الله، الله، یاخود بڵێیت: یا هو، یا هو، یان یا حي، یا حي !!.

بەڵكو تەقوای خوا، بەم شێوەیە دەبێت كە پێشەوای تابیعی: (طلق بن حبیب) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ فەرموویەتی: كە لێیان پرسی: ما التقوى ؟. واتە تەقوا چی‌یە؟. وتی:

١. **أن تعمــل بطاعــة الله**، **على نورٍ من الله**، **ترجو ثواب الله**،

٢. **و أنْ تترك معصية الله**، **على نورٍ من الله**، **تخافُ عقاب الله** [١].

واتە: تەقوا بریتی‌یە لە دوو بڕگە:

بڕگەی یەكەمی پێناسەی تەقوا :

تعمل بطاعة الله: واتە گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوا بكەیت، بەڵام چۆن فەرمانەكان جێ بەجێ بكەیت و عیبادەتەكەت بكەیت ؟.

على نور من الله: واتە بەپێی ڕووناكیەك كە لە خواوە هاتووە،كە وەحی قورئان و سوننەتە، واتە بەپێی قورئان و سوننەت فەرمانەكانی جێ بەجێ بكەیت، نەك بەگوێرەی هەوای نەفس و عادەتی خەڵك و سیاسەتی ڕۆژگارو لاسایی كردنەوەی كوێرانە!.

وە كە لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت فەرمانەكانی خوات بەجێ گەیاند، ئایا بە چ نیەتێكیش تۆ ئاوا بەجێیاندەگەیەنیت و گوێڕایەڵی فەرمانەكانی دەكەیت ؟! ئایا بە نیەتی ڕیایی و پێش چاوی و شوهرەت و دونیا ؟، یان تەنها بە نیەتی ڕازی كردنی خواو بە ئەمەلی پاداشتی خوایی ؟ بۆیە وتی:

ترجو ثواب الله: واتە ئەم گوێڕایەڵی‌یە بۆ ئەوە بكەیت پاداشتی خوات دەست كەوێت و، ڕەجای پاداشتەكەی بیت. واتە تەنها بۆ خاتری خوا بیكەیت و هیچ نیەتێكی ترت نەبێت لە عیبادەت و پەرستن و نوێژ كردن و... هتد. تا ئێرە بڕگەی یەكەمی تەقوا بوو.

وە بڕگەی دووەمی تەقوا ماوە كە بریتی‌یە لە:

وأن تترك معصية الله: واتە وازیش بهێنیت لە تاوان و گوناهو كاری حەرام و سەرپێچی كردن (معصية). وەك شیرك و بیدعەو زیناو دزی و، كوشتنی نا حەق و درۆو بۆهتان و جاسوسی و دونیا خواردن

---

(١) بڕوانە (الزهد لـ(ابن المبارك)، ص (٤٧٣).

بەناوی دین و فێڵ کردن و چەتەیی...، بەڵام چۆن واز بهێنیت لەم تاوانـاو، چـۆن خۆتیـان لێ بـە دوور بگریت ؟!

علی نورٍ من الله: واتە بەپێی ئەم ڕۆشنایی قورئان و سوننەتەوە کە لە خواوە هاتـووە، واز بهێـنن لـە حەرام. واتە دوور کەوتنەوەکەشت لە حەرام، با هەر بەپێی قورئان و سـوننەت بێـت و، لـەژێر ڕۆشـنایی وەحی خوایی بێت. نەك بەپێی هەوای نەفس و عادەتی خەڵك و سیاسەتی وڵات و بڕیاری عەقڵ.

چونکە قورئان و سوننەت بۆت دیاری دەکەن کـە چ شـتێك تاوانـەو حەرامـە، وە تـا چ ئەندازەیـەك و حەجمی تاوانەکەش چەندەیە.وە چۆنیش خۆمانی لێ بەدوور بگرین، بەڵام غـەیری قورئـان و سـوننەت بـە ڕاستی و تەواوی ئەم شتانەت بۆ ڕوون ناکاتەوە.

بۆ نمونە: پەروەردگار زینای بە حەرام داناوە، وە چۆنیەتی خۆ لێ پاراستنیشی بۆ ڕوون کردویتـەوە؛ کـە بـەوە دەبێـت خـۆت بپارێزیـت لـە سـەبەبەکانی وەك: سـەیرکردنی ئـافرەتی بێگانـەو، تێکـەڵاوی ژن و پیاو(الاختلاط)، وە هەروەها تەنها بوون لەگەڵ ئافرەتێك (الخلوة). پـەروەردگار فـەرمانی کـردووە خـۆت لەمانە بپارێزیت بۆ ئەوەی دوور بکەویتەوە لە زینا. وە هـەروەها فەرمانیشـت پـێ کـراوە ژن بهێنیـت ـ ئەگەر توانیت ـ بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا بیری زینا کردنت کپ بێتەوە، وە کە نەشت توانی ڕێگایـەکی تـرت بۆ دانراوە کە بریتییە لە ڕۆژوو گرتن؛ چونکە ڕۆژوو شەهوەت لاواز دەکات و دوورت دەخاتـەوە لـە زینـا کردن.

بەم شێوە حەکیمانەیە قورئان و سوننەت ڕێگای واز هێنان لە زینا کردنیـان بـۆ داناویـت. بـەڵام کـە لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت واز نەهێنیت لەو حەرامەی کە زینایە بۆ نمونە: ئەوە پەنا دەبەیتە بـەر ڕێگایەکی حەرام بۆ خۆ پاراستن لە حەرامێکی تر کە زینایە. وە ئەو شێوە حەرامەش کـە زۆر لـە گـەنجی ئیمان لاواز گرتویەتییە بەر بۆ خۆپاراستن لە زینا بریتییە لە (الاسـتمناء) واتە: ئـاو هێنانـەوە، مـرۆڤ زینا لەگەڵ دەستی خۆی بکات ـ پەنا بەخوا ـ بۆ ئەوەی شەهوەتەکەی دابمرکێتەوەو توشی زینا نەبێت.

بەڵام بەداخەوە شـێوەی لـە حـەرام دوورکەوتنەوەکـەی حەرامـە؛ چـونکە بـەپێی قورئـان و سـوننەت دوورنەکەوتەوە لە حەرامەکە بەڵکو بەگوێرەی هـەوای نـەفس و، عـادەتی گـەنجی فاسـق ویسـتی خـۆی بپارێزێت لە زینا.

کەواتە: هەروەك چۆن پێویستە واز بهێنیت لە حەرام، بەهەمان شێوەش پێویستە واز هێنانەکەت وازهێنانێکی شەرعی بێت و، بەگوێرەی قورئان و حەدیسی (صحیح) بێت. ئەگینا قەرزدار دەبێتەوە لەسەری.

وە کە وازیشمان هێنا لە حەرام بەشێوەیەکی شەرعی ئایا بۆچی وازمان هێناو، بە چ نیەتێك دوورکەوتینەوە لە حەرام ؟:

ئایا لەبەر ئەوە بوو دەستمان نەکەوت!. و هەڵنەسوڕا ـ وەك زۆر کەس کە زینا ناکەن یان دزی ناکەن لەبەر ئەوە نایکەن چونکە دەستیان ناکەویت ـ!.

نەخێر پێویستە وازهێنانەکەمان لە حەرام لە ترسی عیقاب و سزای خوا بێت، بۆ ئەوەی توشی غەزەب و عیقابی خوا نەبین، بۆیە وازمان هێنا لە حەرام.

بۆیە فەرمووی: (تخافُ عقابَ الله). واتە: چونکە لە عیقابی خوا دەترسیت بۆیە دوور کەوتیتەوە لەو شتەی کە خوا حەرامی کردووە.

کەواتە: بە پوختی و بە کورتی (تەقوا) بریتی‌یە لە: گوێڕایەڵی کردنی خوا بە کردنی فەرمانەکانی و، واز هێنان لە نەهیەکانی، بەم شێوەیەی کە خۆی ڕێی بۆ داناوین لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ وە گوێڕایەڵیەکەشمان تەنها لەبەر خاتری خوا بێت .

کەواتە:← پێویستە کردەوە(عمل)ت هەبێت. ↑ وە بە نیەت و مەبەستێکی پاك (اخلاص)یش بێت بۆ خوا. → وە موافیقی سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ بێت (الاتباع).

کەواتە: هەرکەسێك:

← فەرمانەکانی خوا جێ بەجێ نەکات

↑ وە دووریش نەکەوێتەوە لە شتە حەرامەکان

→ یاخود بە خالیسی نیەتی خوا نەبێت

↓ یاخود موافیقی قورئان و سوننەت نەبێت.

ئەوە تەقوای خوای تەواو نیەو خەلەلی تێدایە بەم شێوەیەی خوارەوە:

* ئەگەر خەلەل لە نیەتەکەیدا هەبوو ئەوە تووشی ڕیاو شیرك دەبێت پەنا بەخوا.

* ئەگەر خەلەل لە موافەقەی قورئان و سوننەت دابوو، واتە گوێڕایەڵیەکەی موافیق نەبوو لەگەڵ قورئان و سوننەت؛ ئەوە توشی (ابتداع) بیدعە دەبێت و گومڕا دەبێت.

* ئەگەر واجباتەکان هەمووی نەکات، یان حەرامەکان هەمووی واز لێ نەهێنێت ئەوە بەرەو فاسق بوون دەچێت و، توشی تاوان و گوناه (معصیة) دەبێت پەنا بەخوا.

کەواتە: دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە زانیمان کە دۆستانی خوا (أولیاء الله) دوو سیفەتیان تێدایە:

← ئیمانی تەنها بەخوا (الإیمان بالله وحده).

↑ تەقوای خوا بەم شێوەی باسمان کرد.

کەواتە: هەر موسڵمانێك ئەم دوو سیفەتەی تێدا بێت ئەوە یەکێکە لە (أولیاء الله) ئەگەر کرێکارێکیش بێت، یان کەنناسێکیش بێت.

چونکە تەنها بەم دوو مەرجە موسڵمان دەبێتە وەلی، نەك بە چوونە ناو ئەشکەوت بۆ ماوەی چل ڕۆژ دوور لە مزگەوت و جەماعەت و جومعە !! وە خواردنی دەنکە خورمایەك ڕۆژانە!.

نەخێر لە هیچ ئایەت و حەدیسێکدا نەهاتووە کە بەم مەرجە خەڵك ببێت بە وەلی خوا. یان بە شمشێر لە خۆدان و هاوار کردنە غەیری خوا.

بەڵام پێویستە بزانین کە دۆستان و خۆشەویستانی خوا، هەموویان لە یەك پلەدا نین، بەڵکو بەرزی و نزمی هەیە لە نێوانیاندا. وە تاوەکو مرۆڤ دوو مەرجی وەلییێتی (الایمان والتقوی)ی بە تەواوی تێدا بێت، ئەوە زیاتر لەخوا نزیك دەبێتەوەو، پلەی بەرزتر دەبێت.

*** پرسیار: ئایا هەر موسڵمانێك واجبەکان بکات و دوور بکەوێتەوە لە حەرامەکان وەلی خوایە ؟**

وەڵام: بەڵێ بەڵام بە مەرجی (ئیخلاص) و (**إتباع**): واتە بە خالیسی بۆ خوا واجبەکانی کردبن و دوورکەوتبێتەوە لە حەرامەکان. وە هەروەها شوێن کەوتەی پێغەمبەریش ﷺ بوو بێت لەو واجبە بەجێ گەیاندن و دوور کەوتنەوەیەی لە حەرام. واتە چۆن پێغەمبەر ﷺ واجبەکەی کردووە ئەویش ئاوا، واتە بەگوێرەی قورئان و سوننەت.

پرسیار: ئایا بە چ شتێکی تر مرۆڤ زیاتر لەخوا نزیك دەبێتەوەو، چاکتر دەبێتە وەلی خوا ؟!.

وەڵام: بە كردنی سوننەتەكان، نوێژی سوننەت، ڕۆژووی سوننەت، خێری سوننەت، حەجی سوننەت... بەڵام بە مەرجێك (ئیخلاص و إتباع)ی لەگەڵ بێت.

پێغەمبەر ـ ﷺ ـ لە حەدیسێكدا فەرمووی خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ مَنْ عادى لي وليّاً فقد بارزني بالمحاربة ـ أو فقد آذنتُهُ بالحرب ـ وما يتقرب اليّ بمثل أداء ما افترضتُ عليه، ولا يزال عبدي يتقربُ إليّ بالنوافل حتى أُحبّهُ، فاذا أحْببْتُهُ كنتُ سمْعُهُ الذي يسمع به، وبصره الذي يبصر به، ويده التي يبطشُ بها، ورجله التي يمشي بها، فبي يسمع وبي يُبصِرُ وبي يبطِشُ وبي يمشي. ولئن سألني لَأُعْطِيَنَّهُ، ولَئِن استعاذ بي لَأُعيذنّهُ، وما ترددتُ عن شيءٍ أنا فاعلُهُ ترددي عن قبض نفس عبدي المومن، يكره الموت وأكرهُ مساءتهُ ولابد لهُ منه ﴾[١]

واتە پەروەردگار فەرموویەتی: هەر كەسێك دوژمنایەتی خۆشەویست و دۆستێكی من بكات، ئەوە ئیعلانی جەنگی لە دژ دەكەم و، خۆم دژایەتی دەكەم، وە بەندەی من بە هیچ وەسیلەیەك لەمن نزیك نابێتەوە، وەك بەكردنی فەرزەكان لێم نزیك دەبێتەوە!.

وە بەردەوام بەندەی من لێم نزیك دەبێتەوە بە كردنی سوننەتەكانیش، سەرەڕای فەرزەكان، تا خۆشم دەوێت.

وە كە خۆشیشم ویست دەیپارێزم لەهەموو خراپەیەك، وە سەركەوتووی دەكەم بۆ هەموو چاكەیەك بەشێوەیەكی وا؛ بیستن و بینین و گرتن و هەنگاوونانی بەگوێرەی ڕەزامەندی من دەبێت؛ چونكە بەگوێرەی ویستی من دەبیستێت و دەبینێت و دەگرێت و هەنگاو دەنێت. واتە چیم پێخۆش بێت وادەكات و چیم پێ ناخۆش بێت نایكات. واتە خۆشەویستی و ناخۆشەویستی، وە هەروەها دۆستایەتی و دوژمنایەتی، وە هەروەها بەخشین و گرتنەوەی لە ڕەزامەندی مندا دەبێت. ئەو كاتە ئەگەر داوام لێ بكات پێی دەبەخشم و، پەنام پێ بگرێت پەنای دەگرم...)

تێبینی:

لەم حەدیسە قودسیە پیرۆزەدا دەركەوت كە كێ دۆست و خۆشەویستی (وەلی) خوایە. وە بەچ وەسیلەیەك لەخوا نزیك دەبێتەوەو، دەبێت بە خۆشەویستی خواو، وەڵامی دەدرێتەوە.وە كەی خوا ڕێزی لێ دەنێت و كەرامەتی پێ دەبەخشێت.

---

(١) صحيح البخاري.

بەڵام ئەم مەرجانەی (أولیاء الرحمن) ئەوە ناگەیەنێت كە بڕوامان وابێت هەڵە ناكەن و، پارێزراون (معصوم) لە هەڵەو، هیچ كاتێك تاوان ناكەن.

نەخێر ئەگەر هەڵەو تاوانیشی كردبێت، بەڵام تەوبەی كردبێت لێی، ئەوا هەر بە وەلی خوا دادەنرێت.

كەواتە ئەو كەسانەی كە وا گومان دەبەن دەبێت (وەلی) مەعصوم بێت. گومانەكەیان هەڵەیە؛ چونكە بەگوێرەی ئەو گومانە هیچ موسڵمانێكیان نەهێشتۆتەوە بە خۆشەویست و وەلی خوا.

وە بە پێچەوانەی ئەوانیش كەسانێكی نەفام هەن، كە بڕوایان وایە ئەوەی وەلی بێت قەت هەڵە ناكات و، قسەكانی هەموو حەقن و، كردەوەكانی هەموو چاكن !!. ئەم بۆچوونەش دیسان هەڵەیە؛ چونكە هیچ كەسێك تەرازووی حەق ناسی نیە، تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت. ئەویش لەبەر ئەوەی ﴿وما ینطق عن الهوى إن هو إلاّ وحيٌ یوحى﴾ واتە لەخۆیەوە قسەی نەدەكرد بەڵكو لەوەحیەوە بوو. وە هەروەها ﴿ كان خُلُقُهُ القرآن﴾ واتە ڕەوشتی قورئانی بوو[1].

كەواتە: بە بەڵگەی قورئان و حەدیس، بۆمان دەركەوت كە ئەمانەی خوارەوە وەلی خوا نین:

جولەكەو گاورو ئاگر پەرست (مەجوسی) و گا پەرستەكان (هیندۆس)و، بت پەرست و شەخس پەرست و گۆڕپەرستەكان؛ چونكە ئەمانە هەموویان شیركیان هەیەو بە تەنها ئیمانیان بەخوا نیە (بە تەوحیدی).

وەهەروەها تەقوای خوایان نەكردووە؛ چونكە خوای گەورە گەورەترین فەرمانی (واعبدوا الله)یە، واتە بە تەنها خوا بپەرستن بە تەوحیدی. وە گەورەترین نەهی (ولا تشركْ بِهِ شیئاً)ە، واتە هیچ شەریكی بۆ دامەنێن.

بەڵام گۆڕپەرست ونەفامان فەرمانەكەیان بەجێ نەگەیاندووەو، لە نەهیەكەش خۆیان نەپاراستووە، بەڵكو بە پێچەوانەوە جولاونەوە، كە بە تەنها خوایان نەپەرستووەو شەریكیشیان بۆ داناوە لە پەرستن و هاوار كردن و ماڵ بەخشین و نەزركردن و سەربڕین و پشت پێ بەستن و ڕەجا لێ كردن و ئیعتیقاد پێ بوون...

وە هەروەها هیچ عیبادەتێكیان لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت و شوین كەوتنی پێغەمبەر ـ ﷺ ـ نیە، لەكاتێكدا كە پەروەردگار فەرموویەتی:

(1) تێبینی پێغەمبەر ﷺ بیروباوەڕو ڕەوشت و هەڵسوكەوتی قورئانی بوو، نەك خۆی قورئانێك بوویێت و بەسەر زەویدا ڕۆیشتبێت. وەك هەندێ چیرۆك گێڕەوەی نەفام بە عەقیدەی ئیسلام لە وتارەكانیاندا وا حەدیسەكە لێك دەدەنەوە! . (النبي ﷺ مخلوقٌ والقرآن غیرُ مخلوق).

﴿ قُلْ إِنْ كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ آل عمران:٣١)

واتە ئەی محمد بەو خەڵکە بڵێ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت و دۆستی ئەون، ئەوە شوێنی من بکەون، ئەوکاتە خواش خۆشی دەوێن و لە تاوانتان دەبوورێت. کەواتە هەر کەسێك شوێن پێغەمبەر ﷺ و سوننەتەکانی نەکەوێت، ئەوە خوا خۆشی ناوێت و خۆشەویست و دۆستی خوا نیە واتە (وەلی) خوا نیە .

* کەوابوو ئەم شەخس پەرست و گۆڕپەرستە پشت هەڵکردووانە لە سوننەتی پێغەمبەر ـ ﷺ ـ وەلی کێن ؟!.

بێگومان وەلی شەیتانن (أولياء الشيطان)؛ چونکە بەفەرمانی شەیتان شەریکیان بۆ خوا داناوەو، وازیان لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هێناوە. وە پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ ﴾(الأعراف:٣٠)

واتە: ئەوان شەیتانیان گرتووە بە دۆستی خۆیان لە حەقیقەتدا، بەڵام خۆیان ـ ئەوەندە نەفامن ـ وا دەزانن کە هیدایەت دراون و لەسەر ڕێبازی ڕاستن و لە (أولياء الرحمن**)ن !!.**

تا ئەو ئەندازەیە شەیتان گومڕای کردوون، کە ئەو دەپەرستن و هەستیش بەوە ناکەن، بەڵکو وادەزانن کە خوا دەپەرستن و دۆست و وەلی ئەون.

وە لە چەندان ئایەتی تریشدا پەروەردگار باسی (أولياء الشيطان)ی کردووە وەك:

﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ (الأنعام: من الآية١٢١).

﴿يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِنَ الرَّحْمَنِ فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا ﴾ (مريم:٤٥).

﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾(آل عمران:١٧٥).

﴿ فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفاً ﴾ (النساء: من الآية٧٦).